# دانەوەی قەرز پێش حەجکردن

[ كردي – کوردی – kurdish ]


عەبدولعەزیز بن باز



وەرگێرانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ وفاء الدين قبل الحج ﴾

« باللغة الكردية »


عبد العزيز بن باز

يرحمه الله تعالى


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2011 - 1432

IslamHouse.com

# دانەوەی قەرز پێش حەجکردن

**پرسیار :** من قەرزێکم بەسەرەوەیە و ئەشمەوێت حەج بکەم، ئایا دروستە ئەم کارە بکەم؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** ئەگەر هاتوو ئەوەندە پارە وماڵت هەبوو کە بەشی دانەوەی قەرزەکە و حەجکردنیشی دەکرد ئەوا هیچ شتێکی تێدا نییە وبیکە، بەڵام ئەگەر هاتوو پارە و مالەکەت بەشی هەردوکیانی نەدەکرد ئەوا لەپێشەوە قەرزەکەت بدەرەوە بەخاوەنەکەی، چونکە دانەوەی قەرزە لەپێشترە، خوای گەورەش فەرموویەتی : {وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًاۚ} { سورة آل عمران ، الآية ٩٧ } واتە : خوای گەورە حەجی فەرزکردوە لەسەر خەڵکانێك کە توانایان هەبێت .

ئاشکرا تۆیش بەم حاڵەوە توانای ئەوەت نییە حەج بکەیت، لەبەر ئەوەی قەرزەکە ڕێگریت دەکات لە ئەنجامدانی حەج، خۆ ئەگەر پارەو ماڵی تەواوت

هەبوو کە بەشی دانەوەی قەرزەکە و مەسروفی حەجەکەشیتی ئەکردی ئەوە هیچ قەیدی ناکات حەجەکەت بکەیت و پاشان قەرزەکەت بدەیتەوە، چونکە بەپێی دەقی ئایەتەکە ئەوە لەسەر تۆ واجبە، وە بەپێی ئەوەیشی لە فەرموودەکاندا لە پێغەمبەری خوداوە (صلی الله علیه وسلم) وارد بووە .

خوای گەورەش لەهەمووان زانا وشارەزاترە ..

سەرچاوە : گۆڤاری (الدعوة) ژمارە ١٦٣٥ لە ١٤١٨/١١/٢٨هـ.